
# هەڵوێستی یەککرتوانەی حیزبی دێمۆکرات، لە ئاست قەڵەمە بێ ناونیشانەکاندا.




کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵبژێراوی کۆنگرەی سێزدەهەم، سەعات 9:30 پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، ریکەوتی 8ی خاکەلێوەی ساڵی 1385ی هەتاوی، بەرانبەر بە 28ی مارسی 2006ی زایینی، حەوتەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرانو موشاویرانی کومیتەی ناوەندی پێک هێناو پاش دوو رۆژ کاری بەردەوام، سەعات 8ی دوایNیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە 9ی خاکەلێوە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. 1

خالێکی جێگای سەرنج و بایەخی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی، سەبارەت بە کۆتایی هاتنی حەوتەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی ئەم چەند دێرەی خوارەوەیە".... پلینۆم لە بەشی کۆتایی کارەکانی خۆیدا، لەو نووسراوو بابەتانە دوا کە بەناوی خوازراوەوە لەسەر سایتەکان دانراونو لەواندا درۆو چەواشەکاری بەرانبەر بە حیزبو ڕێبەرایەتی کراون. بەشدارانی پلینۆم بە تێکڕای دەنگ ئەم کارەیان بە توندی مەحکووم کردو بە کردەوەیەکیان دانا کە لە خزمەت سیاسەتو پیلانی دوژمنانی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە..." .2

ئاشکرایە کە کۆنگرەی 13ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،" لە ڕێکەوتی 13ی پووشپەڕی 1383ی هەتاویدا، بەرامبەر بە 3ی مانگی جولای 2004ی زایینی پاش 5 ڕۆژ کاری بەردەوام، ئێوارێ ڕۆژی چوارشەممە 17ی پووشپەر، بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.".3

شیاوی ئاماژەیە کە پێش کۆنگرە بە گشتی و، پاش کۆنگرە بە تایبەتی، کۆمەڵێک لە بەدخوازان و بوغز لە زگ و قین لە دڵانی حیزبی دێمۆکرات، وەکوو پێشەی هەمیشەی خۆیان، کەوتنە چەواشەکاری و بە کەڵک وەرگرتنی نارەوا لە تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێت و هەندێ رۆژنامە و میدیای دیکە کە قەت خێری حیزبی دێمۆکراتیان نەویستوەو ناوێت...، لافاوێک لە قسەی سوک و بوختان و درۆی داتاشراوو هەڵبەستراوی زەین و بیری مێشکی خۆیان، ئاراستەی حیزبی دێمۆکرات بە گشتی و، ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بە تایبەتی کرد.

خاڵی جیاوازی ئەم هێرش و پەلامارە تەبلیغیەی بەدخوازانی حیزبی دێمۆکرات، لە پاش تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی 13 ، ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆریان لە ژێر ناوی دڵسۆزی بۆ حیزب و جوڵانەوەی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، خۆیان دەناساند. تەنانەت بەشێکی بەرچاو لەم قەڵەمە ژەهراویانە، خۆیان بە ئەندام و لایەنگری حیزب دەدایە قەڵەم و، لە هەمان حاڵدا لە سەنگەری دوژمنانی حیزبەوە تەقەیان لە سەروەرییەکانی حیزبی دێمۆکرات دەکرد و، لە یەک قسەدا لە کۆی نوسراوەکانیان یەک وشەشیان هیچ قازانج و خێر و بیرێکی بۆ کورد و بزوتنەوەی کورد تێدا بەدی نەکراوە. ئەمە لە حالێک دایە کە یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی مە، پاراستنی ئازادی بیروباوەڕە و پێک هێنانی بواری ئازادانەی بیرو رەخنەیە لە هەموو ئاستەکاندا لە حیزبی دێمۆکراتدا.

هەر چەندە حیزبی دێمۆکرات لە مێژووی خەباتگێڕانەی خۆیدا، گەلێک جار لە گەل پیلان و رەشەکوژی و داپلۆسین ڕووبەڕوو بووەو قەتیش چۆکی دانەداوەو داینادات ، بەڵام ئەم پیلانە نوێیەی ناحەزانی دێمۆکرات، بە پێچەوانەی ئاکارو کرداری پێشووی بەدخوازانی حیزبی دێمۆکرات، هەر وەها پاش زۆر هەڵوێست و روانگەی کەسایەتی و بەرپرسانی حیزبی و مەحکوم کردنی ئەم مێتۆدە لە لایەن ئەوانەوە، دیسان درێژەی هەبوو. بۆ وێنە دەتوانیین ئاماژە

بەم هەڵوێست و لێدوانانە بدەین کە سەرجەمیان پێش گرتنی پلینۆمی حەوتەمی کۆمیتەی ناوەندی، ئەم هەلوێستە دروست و دلسۆزانەیان دەربڕی بوو، کە ئەو جۆرە نوسینانە قازانجی کورد و بزوتنەوەی کوردی تێدا نیە....

رێزدار کاک عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسی، لە وتووێژێکدا لە گەل رادیۆ دەنگی کوردستان ، کە پاشان دەقی ئەو وتووێژە لە ژمارە 428ی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیدا، بلاوکرایەوە ، ئازایانە و بوێرانە لەم پەیوەندییەدا قسەی کرد. ناوبراو لە ولامی پرسیارێکدا لەم بارەوە ئاوا دەڵێت: "... با لەپێش دا ئەوە بڵێین کە ئوسوولەن لە هەر حیزبێکی زیندوودا لە هەر حیزبێکی فەعالو تێکۆشەردا بوونی بیروڕای جیاواز، سەلیقەی جیاواز بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکان وجوودی هەیەو ئەوە شتێکی سروشتییە، بوونی ئیختلافی نەزەر مەعناکەی لە راستیدا زیندوویی ئەو جیزبە، ئەو جەرەیانە سیاسییە دەگەیەنێ. ئەگەر حیزبێک ئازادی تیا نەبێ، ئەگەر حیزبێک دەرتانی دەربڕینی بیروڕاو نەزەری جیاوازی تیا نەبێ ئەوکات مومکینە هەموو یەک قسە بکەن هەموو یەک نەزەریان بێ، ئەوە بە مەعنای موسبەتی شتەکە نابێ لێک بدرێتەوە بەڵکوو مەعنا مەنفییەکەی لێک دەدرێتەوە، ئێمەش چاومان لەو سایتانە کردوە زۆر بابەت یا زۆر بەناو گلەیی یان ئیرادو ئیشکالیان لە سەر حیزبی دێمۆکراتی تێدایە، زۆربەی ئەو کەسانەش بەناوی نەناسراوو خوازراوو موستەعارەوە قسەکانیان دەکەن، هەندێک ئیتیهام دەدەنە پاڵ کەس یا کەسانێک کە پێم وایە ئەم جۆرە کارانە جگە لەوە کە وەزعەکە ئاڵۆزتر بکەن، جگە لەوە کە تەعبیراتی جۆراوجۆری لێبکرێ تەئسیرێکی دیکەی نابێو رەوایش نیە کەسانێکی دیکە بە ناوی خوازراوەوە بە ناوی موستەعارەوە هەرچییەک بەدەمیان دا دێ یا بە قەڵەمیان دا دێ بینووسن، بێ ئەوەی مەعلووم بێ تەرەفەکە کێیەو مەعلووم بێ قسەکان لەسەر چ ئەساسێکنو دەرەتانێک بە تەرەف نەدرێ کە ئەویش قسەی خۆی بکاو نەزەری خۆی بدا؛ بۆیە من پێم وایە دڵسۆزانی حیزب یا ئەو کەسانە کە بەپەرۆشن بۆ حیزبی دێمۆکرات رێگەی دیکەیان هەیە بۆ دەربڕینی نەزەراتەکەیان بۆ دەربڕینی بیروڕاکەیان، من بەش بەحاڵی خۆم ئەو شێوەکارانە بە کارێکی نادروست دەزانمو بە کارێکی ئوسوولی نازانم..."4.

پاشان رێزدار مامۆستا سکرتێری پێشووی حیزب لە سمینارێکی ئەنتەرنێتیدا کە بە بۆنەی 60 تەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی کۆماری کۆردستان، لە پاڵتالک بۆ بەرێزیان رێکخرابوو، لە ولامی پرسیاری کۆمەڵێک لە بەشدارانی ئەم سمینارەدا سەبارەت بەم تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ حیزب و رێبەرایەتی حیزب، ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا فەرمووی: "... سەرفەنەزەر لەوەی کە بیروباوەڕی جۆراوجۆر لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا دیومە و هەمیشەش پێم شتێکی باش بووە، چونکوو حیزبێکی کە بیروباوەڕی جۆراوجۆری تێدا نەبێ یان مردووە یان دیکتاتۆری تێدایە، بەڵام پێم خۆشە لەم تریبونەوە بڵێم هەموو ئەوانەی لە سەر ئەو سایتانە نوسراون هەمویان مەحکوم دەکەم؛ جارێک ئەوانەی لە زیدی من نوسراون مەحکوم دەکەم، هەزار جار ئەوانەی بە تەرەفداری لە من نوسراون مەحکوم دەکەم. با هەموو ئەو کەسانەی بە تەرەفداری لە من ئەو شتانە دەنوسن گوێیان لە من بێ، ئەمن ئەو شتانە مەحکوم دەکەم و پێم شتێکی زۆر خراپە. حیزبی دێمۆکرات ڕەنگە مەسایلی هەبێ وەکوو هەموو حیزبێکی ، ئەگەر نەیبێ مردوویە، بەلام لە نێوخۆی دا مەسایلی خۆی باس دەکا..."5.

شیاوی سەرنجە کە هێژا مەلا حەسەن رستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی لە وتووێژێکدا لە گەل زایەڵە بەشی کوردی رادیۆی نێونەتەوەیی سوئێد، هەمان هەڵوێستی دووبارە کردەوەو ئاکاروکرداری نوسەرانی نیقاب پۆشی مەحکوم کرد و پێی لە سەر ئەو راستییە داگرتەوە کە لە حیزبی دێمۆکراتدا بیروباوەر و قسە و دیالۆگ ئازادە و هەموو ئەندامێکی حیزب بۆی هەیە لە چوارچێوەی بەرنامە و پێرەوی ناوخۆی حیزبدا بیرورای خۆی ئاراستە بکات و کۆر و کۆبوونەوە پێک بێنێ و لە سەر کێشە و بابەتەکان قسە بکات و هەڵوێستی هەبێت و.... .6

هەر بۆیە هەڵوێستی یەکگرتوانەی پلینۆمی حەوتەمی کۆمیتەی ناوەندی لە ئاست ئەم دیاردەدا شیاوی رێزە و وەکوو هەڵوێستی تەواویەتی حیزبی دێمۆکرات لە ئاست ئەو کەسانەدا کە هەوڵی چەواشەکارانە دژ بە بزوتنەوە ڕەواو بەرحەقەکەمان دەدەن، گرینگ و شیاو و جێگای رێز و وانە لێوەرگرتنە بۆ ئەوانەی کە هەوڵێکی زۆریان بۆ

بەدناوکرانی تێکۆشەرانی دێمۆکراتدا، بەڵام ئێستا دەبینن کە تەنها شکەست و ناکامیان بۆ ماوەتەوە، تاکوو حیزبی دێمۆکراتیش یەکگرتوو بێت، لەمە پتریان بەرناکەوێت.

روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردودا بە هەموو شێوەێک هەوڵی بەدنێو کردنی ڕێبەرانی دێمۆکرات و تێکۆشەرانی دێمۆکراتیان داوەو دەیدەن. ئامانج و مەبەستی هەرە گەورەو مەزنی پیلان گێڕانی ئەم مێتۆدە، ئەوە بووە کە حیزبی دێمۆکرات لە جەماوەری کوردستان دابڕن و بە تەنهای بهێڵنەوە. کام خەباتگێڕی دێمۆکرات هەیە کە ئاشنا بەم کرداره دزێوەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە تێکۆشەرانی دێمۆکرات نەبێت و لەم پەیوەندییەدا خەرمانێک ئەزموونی بەنرخی کەڵەکە نەکردبێت؟!

شیاوی ئاماژەیە کە سکرتێری گشتی حیزب بەرێز کاک موستەفا هیجری و، هێژا کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی و زۆربەی نزیک بە تەواوی کادری رێبەری و کادرەکان و ئەندامان، لە سەرجەم وتووێژ و لێدوانەکانی خۆیاندا ئاشکرایان کردوە کە ئەگەریش لە حیزبی دێمۆکراتدا کێشە هەبێت، پەیوەندی بە حیزبی دێمۆکراتەوە هەیە و تێکۆشەرانی دێمۆکرات لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و پاراستنی کەسایەتی یەکدی، بۆ خۆیان هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانیان دەدەن... .7

ئەگەر واشی لێک بدەینەوە کە لە حیزبی ذیمۆکراتدا کێشە وناکۆکی هەبێت، کە بە باوەڕی هەموو تێکۆشەرانی دێمۆکرات ئاساییە و، نیشانەی زیندوو بوونی حیزبە، ئەوە خۆ دژبەران و نوسەرانی چەواشەکار ناتوانن لە دەرەوەی تێگەیشتنی ئەم بیر و روانگانە بن و لانی کەم دەبێت خۆیان لە دەروێکدا ببینەوە. لێرەدایە وەکوو رۆژی روناک ئاشکرا دەبێت کە ئەو جۆرە نوسیانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا دلسۆزی و خەمخۆری بۆ حیزبی دێمۆکرات و لەوەش گەورەتر بۆ کورد و بزوتنەوەی کورد لێ هەڵناهێنجرێت و تەنانەت فریان بەسەر راستیشەوە نیە و لە چوارچێوەی کلتور و تێگەیشتنی حیزبی دێمۆکراتدا، جێناگرن.

هەڵوێستی هاورێیانی حیزبی لە هەموو ئاستەکاندا لە مەڕ ئەم جۆرە نوسینانە، سەلمێنەری ئەم راستییە کە ئەم جۆرە قەڵەمانە بۆ هەر مەبەستێک نوسیبێتیان و بنوسن، خێریان بۆ حیزبی دێمۆکرات تێدا نەبووەو هیچ کاردانەوەێکی باشیان بە قازانجی جولانەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دیمۆکرات بە تایبەتی بەدوادا نەهاتووە.

هەوڵ دان بۆ بەدنێوکردنی حیزبی دێمۆکرات، جیا لە خێر و بزەی دوژمنانی سوێند خواردوی گەل کێی پێی شاد دەبێت و، خێرەکەی دەچێتە گیرفانی کێوە؟! ئەگەر واش لێک بدرێتەوە، کە کەسانێک بە نیازی دوژمنایەتی ئەم مێتۆدەیان رەچاو نەکردوە، ئەوە دەبێت بەو ئاکامە گەیشتبێتن کە هەوڵی تیرۆر کردنی کەسایەتی و رێبەرانی ئێستا و رابردوی حیزب، هیچ دەستکەوتێکی بۆ کەس تێدا بەستە نیە و، هیچ بەرهەمێک بۆ ئێمە و خەباتەکەمان نادات. ئەگەریش ئەم مێتۆدە هەر درێژەی هەبێت، ئەوا راشکاوانە دەکارین بێژین کە ئەم جۆرە کەسانە وەکوو ئەولادی خراپ، لەم ماڵە باوانە بێبەریین. ئێستا ئەرکی هەمووان ئەوەیە کە بۆ یەکریزی و هاوخەباتی کار بکەین و، بە شانداینە ژێر کار، هەموو هەولێکی ناحەزانی بزوتنەوەکەمان بۆ لاوزکردنی حیزبەکەمان هیوا بڕاوو دەستەوەستان بکەین. لە هەمان حالدا ڕاشکاوانە رەخنەکانی خۆمان ئاراستە بکەین و لە ئاست کەموکورییەکان بە خاوەن دەرکەوین. من لە ریکەوتی 2004.05.16 دا، لە بەشێکی وتارەێکمدا سەبارەت بە کێشەکان و ناکۆکییەکان و ئەم هەوڵە چەواشەکارانەیە ئاوا بیروڕای خۆم خستەبووە ڕوو" ... بۆ هەموو ئێمە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە حیزبدا چالاکیمان بووە و سەرکەوتنی حیزبیـشمان بۆ گرینگە، باش دەزانین کە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن شتێکی زۆر ئاساییە وهەموو کەس بۆی هەیە ڕەخنە بگرێت. ڕەخنەگرتن لە سکرتێر و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی شتێکی ڕەوایە و هەمیشە بووە و هەر دەشبێت، جا کە وایە بڵاوکردنەوەی پرس و بابەتی نێوخۆیی (ئەویش بە دوور لە ڕاستی) دەکرێت چ لێکدانەوەیەکی لەسەر بکرێت؟ من بەش بە حاڵی خۆم پێمخۆشە هەموو کەس لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بنووسێت و بیر و باوەڕی خۆی دەربڕێت و پرسیار بکات. حیزب حیزبی هەموو ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بە وەدیهاتنی مافە

**نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستانە و جیا لەمەش هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بۆی هەیە پرسیار بکات و لەمەر چارەنووسی گەل ونیشتمانەکەی خاوەن هەڵوێست بێت. ئەمە هەرگیز بە مانای تیرۆری کەسایەتی و بوختان و قسەی سووک نییە..." 8**

**ئەوەتا هەموان باس لەوە دەکەن کە حیزبی دێمۆکرات بە بێ دێمۆکراسی مانا نادات. ئەم کلتورە وەها ئاوێتەی حیزب و بەرنامە و کرداری خەباتگێرانی دێمۆکراتە، کە مەحالە بە بێ ئەم چەمکانە دێمۆکرات بناسرێتەوە و، خەباتەکەی لە لایەن جەماوەری بەوەفای کوردسانەوە، پشتیوانی لێبکرێت. جا ئێستا کە هەوڵی بەدخوازان و، قەڵەمە ژەهراوییەکان بۆتە بڵقی سەر ئاو، با هەر دەهۆلی درۆیین بکوتن، کێ هەیە باوەریان پێبکات و بە هەندیان بگرێت ؟!**

**رەحیم رەشیدی_ پاریس**

ژێدەر:
1. بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
1/1/10 /1385 (2006/3/30 )، سەبارەت بە تەواو بوونی پلینۆمی حەوتی کۆمیتەی ناوەندی.
2. هەمان سەرچاوە
3. راگەێندراوی کۆمیتەی ناوەندی سەبارت بە تەواو بوونی گۆنگرەی 13
18ی پووشپەری 1383ی هەتاوی بەرانبەر بە 8ی جولای 2004ی زایینی
4. ژوماره 428 کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حدکا
5. ماڵپەری پێشمەرگەکان
6. ماڵپەری رادیۆ زایەڵە
7. کۆرو و کۆبوونە حیزبییەکان و، ماڵپەری کوردستان مێدیا
8. ماڵپەری رەحیم رەشیدی